

# پەیوەندیی نێوان



ئاری ئاغۆک

هونەر بەشێکە لە ڕەنگدانەوەی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە، زۆرجار هونەر بۆتە ناسنامەی ناساندنی وڵاتان، بۆیە لە ڕێگەی هونەرەوە دەتوانرێ جوانییەکانی ژیان و لە ڕێگەی تابلۆ و نواندن و مۆسیقاوە نیشانی بینەر بدرێت. لە هەناوی هونەردا دەتوانین چەندین مەبەستی ئەرێنی دەرببڕین، یەکێك لەو مەبەستە گرنگانەی کە وەك هۆشیارییەکی بایەخدار کاریگەری لەسەر خودی قوتابی و دەوروبەر هەیە بریتییە لە پەیوەندیی نێوان وانەی هونەر و ژینگە، ئەمەشیان لەچەندین ڕێگەوە دەتوانرێت مەبەستەکە بگەیەندرێت کە خودی مامۆستا و قوتابی وەك هاریکار دەتوانن نمایشەکان پێشکەش بکەن، بۆیە چەندین ڕێگە هەیە مامۆستای هونەر دەتوانێت هەوڵی بۆ بدات و ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر قوتابی دەبێت، هەر وەکو هەموومان دەزانین وانەی هونەر وەك وانەیەکی کراوەی ڕەنگاوڕەنگ لای قوتابی خۆشەویستەو زوو قبووڵ دەکرێت، ڕێگاکانیش بریتین لە :

١-لە ڕێگەی هونەری نواندنەوە دەتواندرێ هەفتانە لە گۆڕەپانی قوتابخانەدا قوتابیان باس لە پاك و خاوێنی و ژینگەو فڕێنەدانی پاشماوە و کەلوپەل بکەن، ئەوەشیان ڕاستەوخۆ هەژموونی لەسەر قوتابیانی قوتابخانە دەبێت و لەو چوارچێوەیە دەتواندرێ قوتابیی لێهاتوو و بەسەلیقە و بەهرەدار بدۆزنەوە کە داهاتووی هونەریی باشیان هەبێت.

٢-لە ڕێگەی وێنەکێشانەوە مامۆستای هونەر داوا لە قوتابی بکات وێنەی هەمەڕەنگ بنەخشێنێ کە گوزارشت لە (پاك و خاوێنی و دەستشووشتن و ژینگەدۆستی و ... هتد..) بکات، گرنگ نییە وێنەکان هونەری بن و هەر کەموکوڕییەك هەبێت، ئاساییە، گرنگ ئامانج و پەیامە ژینگەییەکەیە، دوای ڕێنمایی و دروستکردنی وێنەکان، لە پێشانگایەکی هونەری تایبەت بە قوتابخانە، وێنەکان نمایش بکرێن، دەکرێ بۆ ئەم مەبەستە کەسوکاری



# هونەر و ژینگە

قوتابی بانگهێشتی ئەم پێشانگایە بکرێت، ئەمەش لە لایەکەوە هۆکاری هاندان و هۆشیاری ژینگەییمان نیشان دەدات کە ئامادەبوونی کەسوکاری قوتابی هاندانە و بەشداریی قوتابیش خۆی لە خۆیدا هۆشیارییە بۆ خودی قوتابییەکە، هەتا لە چەمکی ژینگەتێ بگات و بزانێ ژینگە ژیانە و ئایندەی هەموومانە و پێویستە ئاوڕی لێ بدەینەوەو بە هەندی وەربگرین.

**٣-**لە ڕێگەی ئاواز و سروود و گۆرانی بە ئاسانی دەتواندرێ خۆشەویستیی ژینگە بکەینە ئاواز و هۆنراوەی خۆش و بیدەینە بەر گوێچکەی قوتابی، هەر وەکو پسپۆڕان توێژینەوەیان لەسەر کردووە کە ئەو وانانەی بە ئاواز بۆ قوتابی دەگوترێنەوە زووتر و ئاسانتر و باشتر وەردەگیرێن و لەبەرامبەردا ئەو وانانەی کە کلاسیکی و دووبارەن درەنگتر وەردەگیرێن، بۆیە پێویستە لەلایەن چالاکیی قوتابخانەکانەوە ئەو هۆنراوانەی گوزارشت لە ژینگەو تەندروستی و پاکوخاوێنی دەکەن، بکرێنە سروود و گۆرانی و دابەشی سەر قوتابخانەکانی بکەن کە بەیانیان قوتابی دێتە قوتابخانە، بەو گۆرانییە خۆشانە گوێچکەکانیان تەژی بکرێ و زاخاو بدرێن لە ریتمی ژینگەو ژیاندۆستی.

ئەم خاڵانەو چەندین خاڵی دی هەروەها لەگەڵ بیرۆکەی دیکەی نوێ کە زۆربەی زۆری مامۆستایانی هونەر دەتوانن بەپێی جوگرافیا و شوێنی قوتابخانەو ئەزموونی هونەریء پەروەردەییان، بواری زیاتر بۆ قوتابیان بڕەخسێنن کە لەوانەی هونەردا وەك وانەیەکی فراوان لەگەڵیان بەردەوام بن.

لەم سۆنگەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە دنیای هونەر فراوانەو ژینگەش فراوانتر، کەواتە بە ئاوێتەبوونی یەکتر، دەکرێ جوانترین داهێنان بخەینەڕوو کە قوتابی لەتەك پەروەردەو فێرکردندا، ژینگەو خۆشەویستی بۆ ژینگە بکاتە بەشێکی گرنگی ژیان و ماڵ و قوتابخانەکەی.



# لە بۆڵیۆد تەمەن گرفت نییە بۆ هاوسەرگیریی ئەستێرەکان

ئێستا جیاوازیی تەمەنی نێوان ئەکتەرە هاوسەرەکانی بۆڵیۆد خەریکە دەبێتە دیاردەیەك و زۆر باسی لێوە دەکرێت و نەك تەنیا ئەو پیاوانەی کە تەمەنی هاوسەرەکانیان بچووکە، بەڵکو خەریکە پێچەوانە دەبێتەوە و زۆر لە ئافرەتەکانیان تەمەنیان لە هاوسەرەکانیان گەورەترە.

لەم رووەوە زۆر نموونەی بەرچاو هەیە وەك ئەرجۆن کاپور و مالایکا ئۆرۆرا و هارشفران و کیم شارما، هەر یەك لە هاوسەرانە جیاوازی تەمەنیان نزیکەی ١٠ساڵ دەبێت، هەروەها بە نیازن و پلانیشیان داناوە کە بەردەوام بن لە ژیانی هاوسەرییان و پێناچی جیا ببنەوە، بەڵام پێویستیان بە کاتە بۆ ئەوەی لە کاردانەوەی پەیوەندییەکانیانی پێشوویان رزگاریان بێت، هەرچەندە هیچ شتێکیان رانەگەیاندووە دەربارەی پەیوەندییەکانی پێشوویان و چۆنیەتی رزگاربوون لە کاردانەوەی ئەم پەیوەندییانە.

بۆڵیۆد مێژوویەکی دوور ودرێژی هەیە لە پەیوەندی هاوسەری بچووك و گەورەی نێوان ئەکتەرانی بۆ نموونە سەیف عەلی خان و ئەمریتا سینگ کە جیاوازییان ١٢ ساڵ بوو و دوای چەند ساڵێك جیابوونەوە، هەروەها ئەرجۆن رامبال و فەرحان هاوسەرەکانیان چەند ساڵێك لێیان گەورەتر بوون.

یەکێکی تر لە ناودارانی بۆڵیۆد کە تەمەنی لە هاوسەرەکەی گەورەترە شاجوانی پێشووی هیندستان و ئەکتەری ناسراو ئیشواریا رایە کە ژیانی هاوسەریی لەگەڵ ئەیهیشیك باتشان پێکهێناوە و جیاوازی تەمەنیان چەند ساڵێك دەبێت، بەڵام لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی ئەو پرسیارە هەمیش دەڵێن کە تەمەن هۆکارێکی سەرەکیی نییە بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەریی بەڵکو گرنگ ئەوەیە خۆشەویستی لە نێوانیاندا هەبێت.

# یاسەمینیش جیا بووەوە



دوای ١٧ ساڵ لە ژیانی هاوسەریی خانمە ئەکتەری ناسراوی میسری یاسەمین عەبدولعەزیز رایگەیاند لە هاوسەرەکەی کە بیزنسمانێکی ناسراوی میسرییە بە ناوی محەمەد حەلاوە جیابووەتەوە.
یاسەمین لە بڵاوکراوەیەکیدا ئەو هەواڵانەی پشتڕاست کردەوە کە پێش ماوەیەك باسی جیابوونەوەیان لە هاوسەرەکەی کردبوو. لە بڵاوکراوەکەیدا هاتووە: دەمەوێ هەواڵی جیابوونەوەم لەگەڵ هاوسەرەکەم دووپات بکەمەوە، کە بەر لە نزیکەی ساڵێك ئەمە روویداوە، بەڵام رامان نەگەیاند.
هەر سەبارەت بە جیابوونەوەی، لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی (ئرم نیوز) یاسەمین رایگەیاند: بەر لە نزیکەی ساڵێك و دوور لە میدیاکان و زۆر بە نهێنی من و هاوسەرەکەم جیابوونەوەمان هەڵبژارد، لێرەدە دەمەوێ ئەوەش رابگەیەنم کە من دڵگران نیم بەو کارە، چونکە ژیانی هاوسەرێتی قسمەتە و سوپاسی خوای گەورە دەکەم بۆ هەموو شتێك.
لەلایەکی دیکەوە دوای جیابوونەوەی یاسەمین و هاوسەرەکەی، میدیاکان رایانگەیاند کە بەر لە چەند هەفتەیەك خانمە ئەکتەری میسری ریهام حەجاج بە نهێنی ژیانی هاوسەریی لەگەڵ کۆنە هاوسەرەکەی یاسەمین پێکهێناوە، ئەوەشیان راگەیاند کە محەمەد حەلاوە دەستی کردووە بە بەرهەمهێنانی زنجیرەیەکی نوێ کە رۆڵی پاڵەوانی سەرەکیی بە ریهام دراوە، هەروەها ڤێلایەکیشی پێشکەش کردووە. سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوەش کرد کە یاسەمین هاوسەری دووەمی محەمەد حەلاوە بووە کە تا ئێستا لێی جیا نەبۆتەوە.
ریهام حەجاج لەلایەن خۆیەوە و لە میانەی فیستیڤاڵی سینەمایی قاهیرە گشت ئەو هەواڵانەی رەت کردەوە و رایگەیاند کە بە هیچ شێوەیەك ئامادە نییە، بە نهێنی شوو بکات و جەماوەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە لەو هەنگاوە.

# براد و ئەنجلینا دووبارە رێکدەکەونەوە



چەند سەرچاوەیەکی رۆژنامەوانی رایانگەیاند کە ئەنجلینا جۆلی و براد بێت ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك گرنگترین ئەو کێشانەی کە لە دوای جیابوونەوەیان دروست بووە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە منداڵەکانیانەوە هەیە.
رۆژنامەی دەیلی می رایگەیاند گەورەترین گرفت کە رووبەروویان بۆوتەوە و تا ئێستا بەردەوامە بریتییە لە گرفتی بەخێوکردنی شەش منداڵەکەیان کە ماوەی دوو ساڵ دەبێت ئەم گرفتە سەری هەڵداوە.
دەیلی میل لە راپۆرتێکدا ئاماژەی بەوە کرد کە دوای دوو ساڵ لە جیابوونەوەیان ئێستا براد و ئەنجلینا زیاتر پێگەیشتوون و ئێستا لە هەموو کاتێك زیاترن بۆ رێککەوتن لەسەر پەروەردە کردنی منداڵەکانیان و کۆتایی بەو گرفتە بهێنن کە ماوەیەکی زۆرە هەردووکیانی هەراسان کردووە.
هەر لەو بارەوە سەرچاوەیەکی نزیك لە هەردووە ئەستێرەکەی هۆلیۆد رایگەیاند: ئێستا هەردووکیان لەوە تێگەیشتوون کە بەردەوام بوونی گرفتەکانیان بەبێ چارەسەر کردن تەنیا زیان بە منداڵەکانیان دەگەیەنێت، بۆیە لە ئێستادا ئامادەن بۆ دانیشتن و رێککەوتن لەسەر چارەسەر کردنی ئەو گرفتە بەرە لەوەی دادگا دەست بە رێوشوێنە یاساییەکانی بکات دەرگا وەسیەتنامەو پەروەردەکردنی منداڵەکانیان.
رۆژنامەکە ئەوەشی راگەیاند کە براد زۆر حەز دەکات پەروەردە کردنی منداڵەکان لە ئەستۆ بگرێت، کەچی سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکانی ئەنجلینا دژی ئەوەی کە براد هیچ مافێکی لە منداڵەکان دەست کەوێت، بەڵام ئێستا ئامادەیە بۆ بینینی براد و رێککەوتن لەسەر کێشی پەروەردە کردن، بەتایبەتی ئەو بەندە کە رێگا بە براد دەدات کاتێکی زیاتر لەگەڵ منداڵەکان بەسەر بەرێت.
کێشەی دووەمی نێوان براد و ئەنجلینا بریتییە لە دابەشکردنی مولڵ وماڵەکانیان کە بە کێشەیەکی زۆر ئاڵۆز دادەنرێت و یەکلایی کردنەوەی زۆر زەحمەتە.

# مۆدێرن هون







یەكێك لە مەرجە بنەڕەتییەكانی هونەر، لەنگەر نەگرتنە لە یەك بۆتە و فۆرمدا، واتە هونەر هەردەم لە ناوەرۆك و شێوەدا، بابەتی نوێ و چاوەڕوان نەكراو بە دەستەوە دەدات. هونەر ئەفراندن و نوێ بوونەوەی بەردەوامە. هەر كاتێك هونەر لە یەك جغزدا لەنگەری گرت، لە هونەر دەترازێ و لە دنیای پیشە نزیك دەبێتەوە.

بێ لە هونەرمەند خۆی، كەس ناتوانێ پێناسە و چوارچێوەیەك بۆ هونەرەكەی وەك (داهێنان و ئەفراندن) دیاری بكات، ئەوە هونەرمەندە وەك سوارچاكی بوارەكە ئەسپی داهێنانی خۆی لە هەموو لایەنێكی هونەرەكەی خۆی تاو دەدات، ئەفراندنێك دەكات كە لە مەزەندەی بینەری بەرهەمەكەیدا نییە، بۆیەش پێی دەگوترێت هونەر، چونكە بە داهێنانی خۆی منی بینەر سەرسام دەكات.

(هاوكار گرووپ) كە هونەرمەند هاوكار رسكن رێبەرایەتیی دەكات و ئەركی هەڵسووڕاندنی كار و دەست پێشخەری و چالاكییەكانی گرووپەكەی گرتووەتە ئەستۆ، كاریگەرترین دامەزراوەی نافەرمیی هونەری شێوەكارییە لە هەولێردا. تا ئێستا ئەو گرووپە چەندین پرۆژەی پێشەنگ و سەركەوتووی بەجێ گەیاندووە.

هاوكار گرووپ وەك (پردی هونەر و كولتووری كورد) خۆی پێناسە كردووە، لەم خۆ ناساندن و خۆ پێناسە كردنەشدا راستگۆ بووە. دوایین كاری گرووپەكە پرۆژەی (هونەرمەندانی مۆدێرنی كوردستان)ـە، وەك پێ دەچێت ساڵانە چوار پیشانگا بۆ چوار وەرزەكەی ساڵ بكەنەوە، سێیەمین وەرزی هونەرمەندانی مۆدێرنی كوردستان لە رۆژانی (٨ و ٩/تشرینی یەكەم/٢٠١٨) دا لە هۆڵی میدیا لە شاری هەولێر كرایەوە.


با گوێ لە (هاوكار كرووپ) رابگرین بزانین لە بارەی دوایین پرۆژەی خۆیەوە چی دەڵێت «پیشانگای سێیەمین وەرزی هونەرمەندانی مۆدێرنی كوردستان بە هاوبەشیی ٢٥ هونەرمەند لە باشوور و رۆژاوای كوردستان و عیراق، لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر كرایەوە، هونەرمەندان بە شێواز و قەبارە و بابەتی جیاجیای هونەری و بە یەك بەرهەم یا زیاتر بەشدارییان كردووە. مەبەست لە راگەیاندنی پلاتفۆرمی هونەری مۆدێرن و هاوچەرخی ٢٠١٨ لە لایەن (هاوكار گرووپ) لە سەرەتای ئەم ساڵەوە، گرنگی دان و كۆ كردنەوەی بەرهەمی مۆدێرن و هاوچەرخە لە داهاتوویەكی نزیكدا لە موزە (مۆزەخانە)ی هونەری مۆدێرن، هەر لەوێشدا نمایش دەكرێن، هەروەها ئەم پلاتفۆرمە

# ـــــەری کوردستان

تاریق کارێزی








ئاشنایەتیی زیاتر بە فێرخوازانی ناوەندەکانی هونەری کوردستان دەدات و لە نزیکەوە بەرهەمەکان دەبینن..»

کردنەوەی موزە (مۆزەخانە) هەنگاوێکی گرنگە بە ئاراستەی پیشاندانی ئاستی هونەری وڵاتێك و دەوڵەمەندیی کولتوور و هونەرەکەی، موزە دەبێتە پردی پێکەوە گرێ دانی داهێنانی نەوەکان و رایەڵی گەشە نوێنی و هەڵکشانی مێژووی هونەری هەر گەل و نەتەوەیەك. تا ئێستا کە لە باشووری کوردستاندا مۆزەخانەی هونەری شێوەکاری نییە، ئەمە کەلێنێکی گەورەیە، کە بەرهەم و داهێنانی دەیان و رەنگە سەدان هونەرمەندی کوردستان بە درێژایی یەك سەدە نادیدە گیراوە، لە هەمان کاتدا داهێنانی یەك سەدەی نەتەوەیەك لە بواری هونەری دیدەییدا دەخاتە گۆشەی فەرامۆشییەوە، جگە لەوەی موزە مانەوە و پاراستنی تابلۆ و هەمەجۆر بەرهەمی شێوەکاران مسۆگەر دەکات. (هاوکار گرووپ) کە کردنەوەی موزەی هونەری شێوەکاریی گرتووەتە ئەستۆ، کارێکی یەکجار گرنگ و هەستیار بەجێ دەگەیەنێت.

ئەگەر بمانەوێ لە بارەی ئەو بەرهەمانەی لە سێیەمین وەرزی هونەرمەندانی مۆدێرنی کوردستاندا بەشدارییان کردووە قسە بکەین، ئاشکرایە تایبەتمەندییەك بە کارەکانیانەوە دیارە، جا چ تابلۆ بن، یان پەیکەر و سیرامیك و ئەنستلیوشن. هونەرمەندانی مۆدێرن کاری کوردستان لە رووی شێواز و بەکار هێنانی رەنگ و گۆڕانکاری لە فیگەر و تێکڕای ئەتمۆسفیری تابلۆ و کەرەستەوە، نوێکاری و ئەزموونی نوێیان نواندووە، دەروازەیەکی نوێیان بەرەو رووی هونەری دیدەییدا کردووەتەوە. پیشانگاکە رووبەرێکی فراوانی جوگرافیای دوو بەشی کوردستان (باشوور و رۆژاڤا)ی گرتووەتەوە، لە باشوور بەرهەمی سەرجەم پارێزگاکان دەبینین. ئەگەرچی پێمان وایە ئەو هونەرمەندانەی دەکرێ پێیان بڵێین مۆدێرن یان دەکرێ کارەکانیان یان هەندێك لە بەرهەمیان بە مۆدێرن دابنێین، ژمارەیان زۆر لەو ٢٥ هونەرمەندە زیاترە کە لە سێیەمین وەرزدا بەشدارییان کردووە، بەڵام کۆ کردنەوەیەکی سیمبوڵیانەی ئەو ژمارە زۆرەی هونەرمەندانی کوردستان لە یەك پیشانگادا، سەنگی خۆی و رەهەندی ستاتیکاییانەی خۆی هەیە، بەرەنجامی هەوڵ و نیەتێکی ئەرێنییە لە رێی زیاتر گەشە دان بە هونەری شێوەکاری. هیوایەك بە بینەر و رەخنەگر و هونەرمەندانیش دەبەخشێت، کە بەڵێ ئێمە لە بەردەم هەنگاوێکی نوێی هونەردایین.